سودانی و ڕەشید جەخت لەسەر گرنگی بەردەوامی دانوستانە سیاسییەکان دەکەنەوە



ئەمە دووشەمە، سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی کرد لە سەرۆک کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی ئاژانسی موتەع کۆتووە، ڕایگەیاندووە: "سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی کرد لە سەرۆک کۆمار عەبدوللەتیف جەمال ڕەشید".

ئاماژەی بۆکردە، "لە میانی دیدارەکەدا تاوتوێی دوایین پێشهاتەکانی وڵات کرا و هەوڵەکانی هەڵە نیشتمانییەکان خرایەڕوو، بۆ بەهێزکردنی ئاسایش و سەقامگیری بە مەبەستی درێژدان بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و گۆڕپێدان لە هەموو پارێزگاکان".

بەگوتەی ڕاگەیەندراوەکە ، "لە دیدارەکەدا جەخت کرایەوە لەسەر گرنگی پاراستنی وتوێژی نێوان هەڵە سیاسییەکان و خێراکردنی تەواوکردنی ئەو شایستە دەستوورییانەی کە ماونەتەوە، بۆ بەهێزکردنی متمانەی هاووڵاتیان بە پرۆسەی سیاسی و دەستبەرکردنی ئایندەیەکی سەقامگیر و گەش بۆ وڵات".